# منداڵانی باڵەك

گۆڤارێكە بۆ گەشەپێدانی هزر و تواناكانی منداڵان.

ژمارە (٧) ئازار - ٢٠٠٩

## پیرۆزبێت جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی كوردی

پیرۆزبێت قۆناغی نوێی گۆڤاری

(منداڵانی باڵەك)

M. Margav 2022



بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

گۆڤاری (منداڵانی باڵەك)، ژمارە (٧) ئازار - ٢٠٠٩
گۆڤارێکی منداڵانە، بەشێوەیەکی کاتیی دوو مانگ جارێك دەردەچێت.



## سەروتار

جێی خۆشحاڵییە کە گۆڤاری (منداڵانی باڵەك) لەم ژمارەیەدا پێی ناوەتە ناو قۆناغیکی تازە و نوێ و لەگەڵ وەرزی بەهاردا و لەگەڵ گوڵ و گوڵزاری کوێستانەکانی باڵەکایەتیدا، ئەویش بەشێوەیەکی تر و قۆناغێکی تر دەکەوێتە بەر دەست و دیدی منداڵانی خۆشەویستی دەڤەری باڵەکایەتی، دەبێت ئەوە بڵێین کە لەبەرئەوەی لە ژمارەکانی پێشوودا لاپەڕەکانی گۆڤاری (منداڵانی باڵەك) لەناو بەرگێکی سەربەخۆ و کەپسکراودا نەبوو، هەروەها زیاتر لە بڵاوکراوەیەکی ئاسایی و شێوە ڕۆژنامەیی دەچوو، بۆیە لەوانەیە نەیتوانیبێت وەکو پێویست سەرنجی زۆرێك لە منداڵان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و زۆریشیان هەر سوودیان لێوەرنەگرتبێت و نەیان ناسیبێت، هیوادارین بۆ خزمەتی زیاتری منداڵانی دەڤەرەکەمان، بتوانین لەم شێوە نوێیە بەردەوام بین و هەنگاوی زیاتر و باشتریش بهاوێژین. هەر لێرەوە داوا لە گشت نووسەرانی دەڤەرەکەمان دەکەین بە هەر بابەتێکی بوارەکانی منداڵان بەشدارییمان لەگەڵدا بکەن و بە ڕەخنە و پێشنیارەکانیشیان گۆڤارەکە زیاتر دەوڵەمەند بکەن.

**منداڵان**، دیارە مانگی ئازار لە مێژووی گەلی کورددا چەندین ڕووداو و بەسەرهاتی گرنگ و مێژوویی لەخۆی دەگرێت، یەکێك لەوانە جەژنی نەورۆزە کە یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهارە و سەری ساڵی نوێی کوردییە، بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیواداریین لەم وەرزدا گەشت و سەیرانی خۆش ئەنجامبدەن و دڵ و دەروونتان وەکو گوڵزاری بەهار دووبارە بگەشێتەوە، ئەمەو لەگەڵ چەندین بۆنە و یادی تری گرنگ و کاریگەر کە دەکرێت لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤارەکەماندا زیاتر تیشکیان بخەینەسەر و لەبارەیانەوە بدوێین.

M. Mergaye 2022

خاوەنی ئیمتیاز
ئیسماعیل گوندەژۆری

سەرنووسەر
محەمەد مێرگەیی

دەستەی نووسەران
محەمەد عەوڵڵا
کەریم حەمەدەمین

ئیمەیڵی سەرنووسەر
muhamada4@yahoo.com

مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٢٤٢٧٤١

ناونیشان:
سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان
گۆڤاری (باڵەك)

تیراژ (٥٠٠) دانە
چاپخانە: ماردین

**چیرۆك:**

و: محەمەد مێرگەیی

# (هەنا) فێری خوێندنەوە دەبێت



کاتێك کیژۆڵە **هەنا** توانی فێری خوێندنەوە بێت، خێزانەکەی زۆر دڵخۆشبوون، باپیرە و داپیرەی کۆمەڵێك کتێبیان بۆ هێنا کە پڕبوون لە چیرۆك و هەقایەتی خۆش، دایك و باوکیشی چوونە لای کتێبفرۆشی گەڕەکەکەیان و ئەوانیش کۆمەڵێکی تری کتێبیان بۆ کڕی کە پڕبوون لە باسی ئاژەڵان و چیرۆکی شازادەکان و بەسەرهاتەکانی دەریا. **هەنا** گشت کتێبەکانی خوێندەوە و زۆر بەمە دڵی خۆش بوو.



شەوێکیان و لەو کاتەی ئەندامانی خێزانەکەیان پێکەوە شەویان بەسەر دەبرد و گفتوگۆیان دەکرد، **هەنا** کتێبێکی هێنا و لاپەڕەی یەکەمی کردەوە و گوتی:

-ئەریٚ، یەکێك لە چیرۆکە خۆشەکانتان بۆ بخوێنمەوە؟

**هەنا** ئەم پرسیارەی لە هەموویان کرد.

ئەوانیش وەڵامیاندایەوە و گوتیان:

M. Mergaye 2022

-بەڵێ بە خۆشحاڵییەوە.

ئینجا **هەنا** دەستی بە خوێندنەوە کرد ...


-(دەگێڕنەوە دەڵێن ڕۆژێك لە ڕۆژان .... )



**هەنا** لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەی بەردەوام بوو تاوەکو هەمووی خوێندەوە. دیسان **هەنا** پرسیاری لێکردنەوە و گوتی:

-دەتانەوێت گوێتان لە چیرۆکێکی تر بێت لەبارەی (سندباد)ەوە؟

بەر لەوەی ئەوان وەڵامی بدەنەوە، **هەنا** دەستیکردەوە بە خوێندنەوەی چیرۆك و بەسەرهاتەکانی (سندباد) و گەشتەکانی بە جیهاندا.



کاتژمێر لەدوای کاتژمێر بەسەرچوو هەتا وای لێهات **هەنا** تێبینیکرد دەنگی هیچ ئەندامێك لە ئەندامانی خێزانەکەی نابیستێت!

ئیتر کە **هەنا** بە هێواشی ئاوڕیدایەوە و تەماشایانی کرد، دیتی وا هەموویان خەویان لێکەوتووە!؟

**سەرچاوە/** گۆڤاری ئەلیکترۆنی (نبیل) بە کەمێك دەستکارییەوە.

# چەند ئامۆژگارییەکی پێویست بۆ منداڵان لە کاتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا:



## * بۆ پاراستنی ئامێری کۆمپیوتەر:

منداڵە خۆشەویستەکان، کۆمپیوتەر ئامێرێکی هەستیارە و پێویستی بە چاودێری کردن هەیە، بۆیە دەبێت بۆ پاراستنی لە تێکچوون و لەکارکەوتن ئاگاداری ئەم خاڵانەبن:



-پێویستە ئەو مێزەی کۆمپیوتەرەکەتی لەسەرە، شوێنەکەی لەق نەبێت و نەلەرێتەوە.

-بە هیچ شێوەیەك خواردن و خواردنەوە لە نزیك و لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دامەنێ.

-کۆمپیوتەرەکەت لە گەرمی زۆر و تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر بپارێزە.

-کۆمپیوتەرەکەت لە شێداری و تۆزوخۆڵ بپارێزە، بۆ ئەمەش دەتوانیت بە بەرگێکی تایبەت دایبپۆشیت.

M. Mergaye 2022

## * بۆ خۆپاراستن لە کاریگەرییە خراپەکانی کۆمپیوتەر:

منداڵان بۆ خۆپاراستن لە زیانەکان و خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر پێویستە ئاگاداری ئەمانەبن:

-کارکردن لەسەر کۆمپیوتەر بۆ ماوەیەکی زۆر و لەسەریەك، دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە چاوەکان و ئازاری ماسولکەکان، بۆیە چاکتروایە لە چەند کاتێکی دیاریکراو و کەم کاری لەسەربکەیت.



-بەکارهێنانی کۆمپیوتەر تەنها بۆ یاریکردن و ئەتاری، دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی کاتەکانت.

-پێویستە بەکارهێنانی ئینتەرنێت، بە ئاگاداری دایك و باوکتانەوە بێت.

-پێویستە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە ماڵەوە نەبێتە هۆی کەمتەرخەمیی لە خوێندن و دواکەوتن لە قوتابخانەدا.

-لە کۆتاییدا دەبێت ئامانجت لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا، بەدەستهێنانی زانیاری و شارەزابوون بێت لە بوارە جۆراوجۆر و بەسوودەکانی کۆمپیوتەر، نەك تەنها کات بەسەر بردن و بەس.

## هۆنــــــــراوە:

### جـەژنی سەری ساڵی كوردی

کازم کۆیی

سەری ساڵتان پیـــرۆز
نەوەی كاوە و نەورۆز
پیرۆزبێ ساڵـــــی نوێ
لە هەموو شار و دێ
ئێمە ڕۆڵەی كوردین
زۆر چالاك و مەردین
لەپێناو كوردســـــتان
تێدەكۆشین بێوچان
ولاتـــــم شیـــرینـە
زۆر جوان و ڕەنگینە
گەلی كورد لەشارودێ
پیرۆزتان بێ ساڵی نوێ

سەرچاوە/ نەوەكانی چریكەی دوارۆژ

### گەشتی بەهاران

كەریم مێرگەیی

ئەوە بەهارە وەرزی گوڵانە
كاتی سەیران و شادی دڵانە
ولات سەرتاپا دەبێتە بەهەشت
لە هەموو لایەك دەبینی گەشت
هەربۆیە دەبێ لەم كوێستانانە
گەلێ وریابن لەم سەیرانگانە
چاوەگەشەكانم، نەچنەسەر ڕووبار
نەچنەسەر هەڵدێر، نەك بكەونەخوار
نزیك نەبنەوە لە كێڵگەی ئەڵغام
دووربێ لەو ڕۆژە، ببنە كەم ئەندام
دوورنەكەونەوە لە بابە و دایە
نەچنە ئەو شوێنەی مینی تێدایە
بە خۆشیتان بێ سەیران و گەشتتان
خودا هەر شادی بكاتە بەشتان

### سەیران

هاشم بڵباس

سەیرانە كاتی گەشـــتە
كوردستان وەك بەهەشتە
ڕازاوەیە دەشـــــــت و دەر
بەرگی تازەی وا لەبـــــەر
هەموو لای سەیرانگـــایە
جوانترین دیاری خـــوایە
دیمەنی دڵـــــــــڕفێنی
خەم دەبا شادی دێنـــــی
بۆیە ئەركە لەسەرمـــان
كاتێ كە چووینە سەیران
گوێڕایەڵی یاســـا بین
هەتا هەموو دڵشـــادبین
سەوزایی و گوڵ و داری
نەشێوێنین ڕووخســـاری
خاوێنـــــــی بپارێزین
ئەوكات بەرز و بەڕێزین
چونكە ئەو دەشتە جوانە
ماڵی هەر هەموومـــــــانە

سەرچاوە/ نەوەكانی دوارۆژ

M. Mergaye 2022

### مژدەی بەهــــــار

محەمەد عەوڵڵا

ئەی منالانی ولات
ئەوا سەرماوسۆڵ هەلات
هاتەوە وەرزی بەهار
خۆشەویستی لادێ و شار
بەهار وەرزی سەیرانە
تایبـــەت لەم كوردســـتانە
لەگەڵ دایە و بابە گیان
بــڕۆن بۆ سەیرانگاكان
تێربن لە گەمە و یاری
دوور لە غەم و بێزاری
هەڵپەڕین و پێكەنـــین
خەنین و وتەی شیرین
بیكەن بە دیاری بەهار
بەهاری ئێوەی نـــازدار
بەلام نەكەن لە بەهار
لە خوێندن ببـن بێـزار
یان لە سەیرانگەی سەیران
جێبێڵـــن پاشـــماوەكان
بەڵكو بیكەن بە پیشە
بە بەردەوام هەمیشە
سەیرانگا بپارێزن
چونكە ئێوە بەڕێزن







## کورتە ژیاننامەی شاعیر

## (عەبدوڵڵا پەشێو)

منداڵان، ئایە دەزانن ئەم شاعیرەمان کێیە؟ (عەبدوڵڵا پەشێو) یەکێکە لە شاعیرە مەزن و ناودارەکانی نەتەوەی کورد لەم سەردەمەدا، ناوی تەواوی (عەبدوڵڵای کوری مەلا شێخ محەمەد عومەر بێرکۆتی)یە، باوکی مەلای گوندی (بێرکۆت) بووە، عەبدوڵڵا پەشێو لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی (بێرکۆت) لەدایکبووە، بێرکۆت گوندێکی شاری هەولێرە و ئێستا بۆتە بەشێك لە شارەوانی هەولێر. پەشێو بۆ خوێندن ڕووی لە شاری هەولێر کردووە، یەکەمجار لە قوتابخانەی (خالیدیەی سەرەتایی) دەستی بە خوێندن کردووە، ئەوساکە خوێندن لەو قوتابخانەیە بە زمانی عەرەبی بووە، پاشان خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری هەولێردا تەواوکردووە، ئینجا بڕوانامەی پەیمانگەی مامۆستایانی هەولێری بەدەستهێناوە، دواتر بە مامۆستای سەرەتایی دامەزراوە. لە گوندەکانی (کەنداڵ) و (گەلیاوە) مامۆستایەتی کردووە، پاشانیش لەناو شاری هەولێردا لە قوتابخانەی (هەردی) و (ڕووناکی) تا ساڵی ١٩٧٣ مامۆستا بووە. لە کۆتایی هەمان ساڵدا بەهۆی هەڵنەکردنی لەگەڵ سیاسەتی ڕژێم و باری کۆمەڵایەتی، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا و خۆڕۆشنبیرکردن دەچێتە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران. شاعیر تاکو ئێستاش لە دەرەوەی کوردستان دەژیت. عەبدوڵڵا پەشێو بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦١ شیعری نووسیوە، یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناونیشانی (فرمێسك و زام) لە ساڵی ١٩٦٧ بڵاوکردۆتەوە، هەروەها چەند کۆمەڵە شیعرێکی تری لە چاپداوە وەکو (بتی شکاو) و (دوانزە وانە بۆ منالان) و چەندینی دیکە.

M. Mergaye 2022

نموونەی پارچەیەکی هۆنراوەیەك لە هۆنراوە هەرە خۆشەکانی، بەناونیشانی (**ئەگەر ئەمجارە بیمەوە**):

**ئەگەر ئەمجارە بیمەوە:**
**وەك سمۆرە،**
**بە دارگوێزە بەرزەکانا هەڵدەگەڕێم،**
**وەك پەڵەیەك هەوری نەوی**
**بەسەر کێڵگە سەوزەکانا دەخولێمەوە،**
**وەك شەنگەبی**
**بەسەر چەما،**
**بەسەر گشت زنارەکانی**
**کەنارا ... دەچەمێمەوە،**
**ئاخ، بەس ئەمجارە بیمەوە!**

سەرچاوە/ کتێبی (پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری نوێی کوردیدا)، دیوانی (پشت لە نەوا و ڕوو لە کڕێوە).

# شـــاری ڕەوانــدز


سەرچاوە: گۆڤاری (مێرگ) ژمارە (١)



**ڕەوانـدز** شـارێکی مێژوویـی باشـووری کوردسـتانە، پایتـەختـی میرنـشینی (سۆران) بووە، بە (١١٣) کیلۆمەتر لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستانەوە دوورە، کـەوتـووەتـە نزیـك ڕێگـای سەرەکی (هاملتۆن) کە شاری هەولێر و سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات بە یەکتر دەبەستێتەوە. ڕەواندز لەڕووی بەڕێوەبردنەوە ناحیەیە و سەر بە قەزای (سۆران)ە. ڕەواندز شوێنێکی سەختی هەیە و چەند چیایەکی بەرز لە سێ لاوە دەوریانداوە، لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتیدا، چیا بەرزەکانی (زۆزك) و (هەندرێن) هەن، لەلای باشووریدا چیای (کۆڕەك)هەیە. لەلای خواروو و ڕۆژئاواشیدا بە دووریی (١٠) کیلۆمەتر تاڤگەی (بێخاڵ) هەڵکەوتووە کە یەکێکە لە خۆشترین هاوینەهەوارەکانی کوردستان، لەگەڵ هاوینەهەواری (جوندیان) کە کەوتووەتە دامێنی چیای (هەندرێن)، ئەم هاوینەهەوارانە نرخێکی گەشتوگوزاریی باشیان بە شاری ڕەواندز و ناوچەکە داوە. (لە وەرزی بەهار و هاویندا خەڵکێکی زۆری سەرتاپای کوردستان و عێراق بۆ گەشت و سەیران و بەسەربردنی کاتێکی خۆش ڕوویان تێدەکەن، هەروەها بەهۆی نزیکی ڕەواندز لە ناوچەی باڵەکایەتی، بۆیە هەر لە دێرینەوە پەیوەندییەکی بەهێزی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێوان هەردوو ناوچەکەدا هەبووە).

M. Mergeye 2022

## هەر جارە و گۆڤارێکی منداڵان




منداڵە جوان و ژیرەکان، بۆ زیاتر ئاشنابوونتان، هەر جارە کورتە پێناسێکی یەکێك لە گۆڤارەکانی منداڵان لە کوردستان دەخەینەڕوو، کە بۆ خزمەت و سوودی ئێوەی منداڵان دەردەچن، ئێوەش هەوڵبدەن بەپێی توانا بەدەستیان بهێنن، تاکو ئاسۆی بیر و هۆش و زانیاریتان گەشە پێبدەن، هەروەها پێویستە ئێوەش وەفاداربن لە بەرامبەر ئەم ماندبوونەی گەورەکانتان، کە لەپێناوی خۆشی و شادی و پێشکەوتنی ئێوەدا ئەم ئەرکە پیرۆزە بە ئەنجام دەگەیەنن.

*گۆڤاری (**هەنگ**): یەکێکە لە گۆڤارە هەرە بەسوود و قەشەنگەکانی منداڵان و خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە منداڵانی کوردستان کردووە. ئەم گۆڤارە مانگانە (وەزارەتی ڕۆشنبیری) حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکات و تا ئێستا ( ١٤٨) ژمارەی لێدەرچووە. هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.



<u>بەرهەمی منداڵان:</u>

# ورچێك و هاوڕێیە خراپەكەی

نووسینی: ئەنەس ئیبراهیم عوسمان
پۆلی: شەشەمی بنەڕەتی
قوتابخانەی: چۆمانی بنەڕەتی تێكەڵاو

ڕۆژێك لە ڕۆژان ورچێك هاوڕێیەكی هەبوو كە هەمیشە پێكەوە دەگەڕان، سەرەتا ئەم دوو هاوڕێیە زۆر باش بوون لەگەڵ یەكتریدا، جارێكیان هەردووكیان لەناو دارستان دەگەڕان، بۆ ئەوەی خواردنێكیان دەست بكەوێت، لەوكاتەدا هەردووكیان بە یەكەوە شانە هەنگوینێكیان دۆزییەوە، هاوڕێی ورچەكە بە ورچەكەی گوت: ئەو شانە هەنگوینە بە تەنها هی منە، چونكە من دۆزیومەتەوە و مافی تۆی تێدا نییە، ورچەكە گوتی: هاوڕێ بۆچی؟ ئەی من و تۆ بە یەكەوە ئەم شانە هەنگوینەمان نەدۆزییەوە؟ هاوڕێیەكەشی گوتی: نەخێر، من دۆزیومەتەوە، بۆیە تۆ بەشت نییە لەم شانەیە، بەڵام لەو كاتەدا شێری سەرۆكی دارستان بەوناوەدا تێپەڕی و پێیگوتن: ئەوە چیتانە ئەو دەنگە دەنگە، ورچەكە گوتی: من و هاوڕێیەكەم ئەم شانە هەنگوینەمان دۆزیوەتەوە، بەڵام هاوڕێیەكەم دەڵێت: تۆ بەشت نییە لەم شانەیە، ئایە شێری پاشامان تۆ لەبارەی ئەمەوە چی دەڵێیت؟ شێرەكە گوتی: باشە تۆ چی دەڵێیت ئەی ورچ، ڕازیت هەنگوینەكە تەنها بۆ هاوڕێیەكەت بێت؟ ورچەكەش گوتی: نەخێر ڕازی نابم. شێر بەهەمان شێوە پرسیاری لەویتریشیان كرد و گوتی: ئایە تۆ ڕازی دەبیت هەنگوینەكە بۆ ورچی هاوڕێت بێت؟ ئەویش گوتی: نەخێر من ڕازی نابم هەنگوینەكە بۆ ئەو بێت. شێری پاشای دارستان گوتی: كەواتە ورچەكە ئێستا ئەم شانە هەگوینە دەكەم بە دوو بەش، بەشێكیان بۆ هاوڕێیەكەت و بەشێكی تریشیان بۆ خۆت، پێتان چۆنە؟ بەمشێوەیە ڕازی دەبن، هەردووكیان گوتیان بەڵێ ئێمە ڕازین، ئیتر هاوڕێی ورچەكە بڕیاریدا جارێكی تر ئەگەر شانە هەنگوینێك یان هەر شتێكی تریان دۆزییەوە، بەشێوەیەكی دادوەرانە لە نێوان خۆیاندا دابەشی بكەن. هەردووكیان زۆر بەمە دڵخۆشبوون و سوپاسی شێریان كرد بۆ ئەو یارمەتیدانە، بۆیە هاوڕێیان و قوتابیان، ئەگەر ئێوەش لەگەڵ هاوڕێیەكەتاندا كارێكتان ئەنجامدا، پێویستە پێكەوەش لە بەرهەمەكەی بخۆن و فێڵ لە یەكتری نەكەن.

M. Mergaye 2022

## ئاگـادارییەك بۆ منداڵان

هەروەك لە یەكەم ژمارەدا ئاماژەمان پێداوە، یەكێك لە ئامانجە سەرەكییەكانی گۆڤاری (منداڵانی باڵەك) بریتییە لە بایەخدان و گەشەپێدانی هزر و توانا و بەهرەكانی منداڵانی (باڵەكایەتی), بۆیە منداڵانی خۆشەویست ئاگادارتان دەكەینەوە كەوا گۆڤاری (منداڵانی باڵەك) بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە بەرهەمەكانتان دەكات و بۆتان بڵاودەكاتەوە، ئینجا بەرهەمەكە (چیرۆك، هۆنراوە، نیگار، یان هەر بابەتێكی تری تایبەت بە منداڵان) بێت، هەروەها لەگەڵ بەرهەمەكەشدا ناوی تەواو و پۆل و ناوی قوتابخانە و وێنەیەكی كەسیی خۆتان بنێرن، بۆئەوەی لەگەڵ بەرهەمەكەتان دایبنێین.

# پاراستنی باڵندەکان

ن: کەریم مێرگەیی



منداڵە ئازیزەکان، هەروەکو چۆن مرۆڤێك ئارەزوو ناکات ئێخسیر و دەستبەسەر بێت، ئەوهاش باڵندەکان حەز ناکەن ئازاربدرێن، یاخود ئێخسیر بکرێن، بۆیە پێویستە بزانن و باوەڕتان بەوە هەبێت کە نابێت هیچ باڵندەیەك لەناوببەین یاخود بیخەنە ناو قەفەسەوە، چونکە ئەم باڵندە ئێسك سووکانە مایەی جوانی سروشت و وڵاتەکەمان و ناوچەکەمانن، ئێوە دەزانن دەڤەرەکەمان کوێستانە و باڵندەی زۆری لێیە، بۆیە پێویستە بیانپارێزین، باڵندەکان هەریەکەیان جۆرە جوانییەك بە سروشت و ژینگەی باڵەکایەتی دەبەخشن بە تایبەتی باڵندەیەکی قەشەنگی وەکو(کەو)، بۆیە نابێت ئازاریان بدەن و نابێت ڕێگا بە باوك و برا و خزمەکانتان بدەن ڕاویان بکەن، چونکە باڵندە بەوەوە جوانە کە ئازادبێت و بە ئاسمانی دەڤەرەکەماندا بسووڕێتەوە، چەند خۆشە کە لەگەڵ خێزانەکانماندا کاتێك دەچین بۆ سەیران لە هەموو لایەك دەنگی بولبول و قاسپە قاسپی کەو بێت و ئەم ناوە پڕ بکەن لە ئاوازی بەسۆز و خۆش. دەی منداڵە چاوگەشەکانی باڵەکایەتی دەست لەناو دەست بۆ پاراستنی باڵندەکان بە گشتی، ئیتر دەرگای قەفەسەکان بشکێنن و باڵندەکان ئازاد و سەربەست بکەن.

M. Mergaye 2022

**بە باڵندەوە جوانە ئەم سروشت و کوێستانە**
**باڵەکایەتی بێ باڵندە، چۆن بڵێم جوانە**
**بیپارێزن هەرچی باڵندەیە لەم ناوە**
**دەخیلتان بم لەناوی مەبەن ئەم سامانە**



**منداڵانی خۆشەویست:**
**بە ئارەزووی خۆتان، وێنەی ئەم باڵندە جوانە و بێچووەکانی لە هێلانەکەیاندا ڕەنگ بکەن.**

# ئەلبومی هاوڕێیان

منداڵان دەتوانن وێنەیەکی خۆتان بنێرن بۆ بڵاوکردنەوەی لە گۆشەی (ئەلبومی هاوڕێیان)دا



کۆوار کەریم سمکۆ



دیدەن محەمەد



باهۆز عەبدوڵڵا



هۆڤان عەزیز-کەنەدا



ئاڤیار عەزیز-کەنەدا

Mr. Mergaye 2022



موئمین محەمەد



ژاڵە سدیق حوسێن



ئایە ئەسکەندەر



ئەهیللە ئەسکەندەر



عەبدوڵڵا محەمەد عەبدولڕەحمان

## (ڕێناس)خان نیگارکێشێکی بەهرەمەند




**ناوی تەواوی (ڕێناس ئەحمەد مەحمود)ە، تەمەنی دە ساڵە، پۆلی چوارەمی بنەڕەتییە لە قوتابخانەی (سیاکۆ)ی بنەڕەتی تێکەڵاو، خاتوو ڕێناس هەر لە تەمەنی شەش ساڵانەوە توانا و ئارەزووی نیگارکێشانی هەبووە و بۆ گەشەپێدانی بەهرەکەی دایکی زۆر یارمەتیداوە، ڕێناس خان هەردەم ئارەزووی نیگارکێشانی گوڵ و سروشتی جوانی ناوچەکەیەتی، هەروەها لەڕێی نیگارەکانییەوە خۆشەویستی خۆی پێشکەش بە دایکی دەکات. ئێمەش بەناوی سەرجەم ستافی گ. (منداڵانی باڵەك) هیوای سەرکەوتنی بەردەوام و تەمەندرێژی بۆ دەخوازین.**

نموونەی چەند نیگارێکی (ڕێناس)ی بەهرەمەند






M. Mergaye 2022







M Mergaye 2022